وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە: ٣٠٧٧ لە ٢٠١٨/٢/٢٥

بەپێی ماددەی (بیست و شەشەم) بڕگەی (دووەم و سێیەم) لە یاسای پارێزگاکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارەی ٦ ی ساڵی ٢٠٠٩ ، پاڵپشت بە فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆك وەزیران ژمارە(٨٩ لە ٢٠١٨/٢/١٢) و دوابە دوای نووسراومان ژمارە (١٦٥٥ لە ٢٠١٨/١/٣٠) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠١٧ و بڕیارماندا بە:-

بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٨

ترازاندن و لکاندنی گوندی (کانی دڕکە)

١- ترازاندی گوندی (کانی دڕکە) لە ناحیەی (سورچك) سەر بە قەزای (سەید صادق) و لکاندنی بە ناحیەی (سیتەك) سەر بە قەزای شارباژێر .

٢-ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی فەرمانی سەرەوە جێبە جێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ